# پێداچونه وەی پرۆژەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و کێشەی کورد

**هۆگر بیتوێنی**



ئاشکرایە کە ململانێی نێوان ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و ڕۆژئاوا مێژوویێکی دوری هەیە. لەو ململانیەشدا بە نۆرە هەرجارە و یەکێک توانیویەتی  باڵادەستی خۆی بەسەر ئەوی تردا بسەپێنێ. درەوشاوەترین سەردەم بۆ باڵادەستبونی رۆژهەلاتی ناوین بەسەر رۆژئاوادا دیارە سەردەمی ئیسلام بووە تا لاواز بونی دەوڵەتی عوسمانی لەسەدەی 19. لەوەبەدواوە پێشکەوتنە هزری،زانستی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، سیاسی و بەرێوەبەرایەتیەکانی ئەوروپا کە بەرهەمی ڕێنەسانس بوون، و لەبەرامبەریدا پێداگری لایەنی بەرامبەر لەسەر چەمکە ئیدۆلۆژیە کۆنەکانی سەدەکانی ناوەراست و خولانەوەی لەبازنەی دەقە ئاینیەکاندا، هاوکێشەکەی بەجۆرێک پێچەوانە کرد کە یەکسانکردنی ئەو هاوکێشەیە زەحمەتی زۆری گەرەکە.

لەدوای شەری یەکەمی جیهانی و سەرکەوتنی بەرەی ئینگلیزی- فەرەنسی بەسەر بەرەی ئەڵمانی، کە دەوڵەتی عوسمانیش خرابووە بەرەی دووەمەوە، نەخشەیەکی وا بۆ رۆژهەڵاتی ناوەراست دارێژرا یەوە، کە جگە لە بەرژەوەندیە کۆلۆنیالیستیەکانی هێزە ڕۆژئاواییەکان بەرژەوەندی هیچکام لەنەتەوە و ئەتنیکە جوداکانی هەرێمەکە لەبەرچاو نەگیرا. بۆیە کێشە جۆراو جۆرەکانی ناوچەکە کە دەرەنجامی ئەو نەخشەیەن و کێشەی کوردیش دیارترینیانە، هەمیشە بەچارەسەرنەکراوی لەرۆژەڤدا ماونەتەوە.

روخانی دەولەتی عوسمانی هەلێکی باش بوو بۆ نەتەوە بندەستەکانی ئەو ئیمپراتۆریە، کە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دابمەزرینن، کە دەمێک بوو بەهیوای بوون. مێژوو شایەتی زۆر لەو سەرهەڵدانانەیە کە لەوپێناوەدە وەگەر خرابوو، چ لە ئەوروپای رۆژهەڵات و چ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست. ڕێبەرایەتی کورد لەوسەردەمەدا کە بریتیبوو لە شێخ و دەرەبەگەکانی کوردستان نەیانتوانی سود لەو هەلە ببینن و سیاسەتی ئەوسەردەمە بخوێننەوە لەلایەک، لەلایەکیتریشەوە زلهێزەکان بەرژەوەندیان لەوەدابو کە خاڵێکی لاواز لەهەرێمەکەدا بهێڵنەوە کە لەداهاتودا بتوانن لەو ڕێگەیەوە دەست لە هەرێمەکە وەربدەنەوە. بۆ سەلماندنی ئەو راستیەش دەتوانین رەوشی سیاسی ئەو ولاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە لەگەڵ وڵاتە کانی تری هەرێمەکە بەراورد بکەین.  زۆر ڕون و ئاشکرایە کە لەو چوار وڵاتانەدا( بەلەبەر چاوگرتنی پێگەی کورد لەسوریا) کێشەی کورد هەمیشە مایەی نا ئارامی و بەربەست بوە لەبەردەم پێشکەوتنی ئەو وڵاتانە. سەرەڕای ئەو راستیەش دەسەڵات دارانی نەتەوەی سەردەست لەو وڵاتانەدا نە ک هەر نەیان ویستوە ئەو ڕاستیە  بینن، بەڵکو بە نکوڵی کردن لە هەبونی کێشەیەکی وا، ویستویانە بەردەوامی بە باڵادەستی خۆیان بدەن. هاو کاتی ئەوە زلهێزەکان لەو ماوەیەدا یارمەتیێکی کاتی بزاڤی کوردایەتیان داوە و ئەوەش تەنیا لەچوارچێوەی بەکارهێنان و کارتی فشار بوە بۆ سەر ئەو وڵاتانە. کۆماری مەهاباد، ڕێکەوتنی جەزایر، کۆرەوەکەی بەهاری 1991 و گرتن وڕادەستکردنەوەی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجالان نمونەی هەرە بەرچاوی ئەو یاریانەن.

ڕوخانی یەکیەتی شورەوی بێگومان گۆڕانێکی گەورەبوو کە لەگەڵ خۆیدا هاوکیشە سیاسیەکانی گۆڕی و شێوازی هاو پەیمانی و ڕێکخستنەوەی بەرژەوەندیەکانیش گۆڕانکاریان بەسەردا هات. گرینگترین خاڵێک کە لە شێوازی هەڵسوکەوت و پەیوەندیەکاندا هاتە ئاراوە، ئەوە بوو کە پەیوەندی و ڕکەبەری بەناو یەکدا چون. واتا ئەو هێزانەی کە پەیوەندیان لەگەڵ یەکتردا هەیە هاوکات دەکرێ ڕکەبەری یەکتریش بن، وە بە پێچەوانەیشەوە. گۆڕانکاری پەیوەندیاکانی یەکیەتی ئەوروپا و وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ئەو ڕاستیە پشتراست دەکاتەوە. بۆیە دەتوانین ڕەنگدانەوەی ئەو شیوازە پەیوەندیانە لەسەر پرسی کوردیش ببینین. بۆنمونە لەکاتێکدا تورکیا ئەندامی ناتۆیەو هاوپەیمانی ستراتیژی وڵاتە یەکگرتوەکانیشە لەگەڵ ئەمریکا لەناکۆکیدایە لەسەر پرسی کورد لە باشور، بەهەمان شێوە ئەوە لە پەیوەندی تورکیاو یەکیتی ئەوروپاشدا بەئاشکرا دەبینرێت.

دیارە روخانی سۆڤیەت وەک چۆن کاریگەری لەسەر هەموو جیهان بەگشتی هەبوو، کاریگەری لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەراست و کێشەی کوردیش دیار و بەرچاوە. ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاست وەکو سەرچاوەیەکی هەرە لەپێشی ووزە بۆ جیهانی سەرمایە داری شتێکی باوەر پێکراوە. لەهەمان کاتدا پیگە مێژوویی و کلتوریەکەشی سەرنج ڕاکێش و بە بایەخە. بۆیە شێوازی سیستەم لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا دەتوانێ کاریگەری زۆری هەم سیاسی هەمیش ئابوری لەسەر جیهان هە بێت. لەم نێوەندەدا ووڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی کە کاریگەری و بەرژەوەندی زۆریان لەو ناوچەیەدا هەیە، پیویستیان بە ڕێکخستنەوەی هە یە لەسەر بنەمایەکی نوێی وا کە وا ئەو بەرژەوەندیانە بۆماوەیەکی درێژ پەرەیان پێبدرێت.بەڵام ئەو سیستەمە سیاسی و یاساییەی کە هەیە لە ناوچەکەدا ناتوانێ ئاسایشی سەرمایە دابین بکات. بۆیە پێویستی بە سیستەمێکی لەوجۆرە هەیە کە بتوانێ ئاسایش و ئارامی پێویست دابین بکات. ئەمریکیەکان لە فیلمێک بەناوی Human Cargo دا لەساڵی 1998، بەربەستی ئەو سیستەمە لە وەبەرهێنانی سەرمایە دەخەنە ڕوو.

لەسەرەوە ئاماژەم بە وە دابوو کە وا زلهیزەکان پێویستیان بە هەبونی خاڵی لاواز هەبوو تا لەو ڕێگەیەوە دەست لە هەرێمەکە وەردەن کە کێشەی کوردیش یە کێک لەوخاڵە لاوازانەی هەرێمەکەیە. بەڵام ئەگەر کێشەی کورد لە وەو پێش وە کوو خاڵێکی لاواز بۆ نائارامی ناوچەکە هێڵرابێتەوە، ئەوە لەوسەردەمەدا ئارامی و ئاسایش پێویستە، تا بتوانرێ سەرمایە بەئاسانی هاتو چۆبکات. لەبەر ئەوە کێشەی کورد لەسەردەمی ئێستادا فۆنکسیۆنێکی تری دەبێت وە هاوکات دەتوانێ یەکان گیر بێت لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی کورد بەپێچەوانەی ڕابردوو، کە هەرمایەی نەهامەتی بوو بۆ کورد. کە دەتوانین ئەوە لەو هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەیەی خوارەوە ڕونی بکەینەوە.

ئێران وەکوو دەوڵەتێکی گرێدراو بە ڕۆژئاوا لەسەردەمی شەری ساردا درێژەی بە سیستەمی تۆتالیتاری خۆیدا تا شۆرشی ئیسلامی لەساڵی 1979، بەڵام لەوە بەدوا کە ڕژێمی تازەی ئیسلامی خوازیاری ئەوە بوو کە سود لە ناکۆکیەکانی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا وەربگرێت و لەو ناوەدا وەکو هێزێکی هەرێمی سییەم خۆی بەرفراوان بکات. ئەوە بۆدەوڵەتێکی خاوەن پێگەیەکی ژیئۆپۆلیتی وەکو ئێران لەبار بوو. چونکە لەلایەک وڵاتێکی بەنەوت دەوڵەمەند بوو ئەوەش ئابوریێکی بەهێزی پێدەبەخشی، لەلایەکی تریش بەهۆی ئیسلامی بوونیەوە دەیتوانی سەرنجی ناوچەکە بۆلای خۆی ڕابکێشێ و بیان خاتە ژێر رکێفی خۆیەوە. بەڵام ئەوە بۆ هەریەک لە بلۆکی رۆژهەڵات و ڕۆژئاواش نەخواستراو بوو. بۆیە ڕژێمی ئێراق لەبەرامبەری هاندراو بۆ ئەوەی بیرۆکەیەکی ئا بەو شێوەیە کە هێشتا لاوازە لەناو ببرێت یانیش پێشی پێبگیررێت. بەڵام دەرکەوت کە ئەوجارەیان ڕژێمی بەعس

خوازیاری ئەوەیە کە لەسەر حسابی ئەو پارمەتیانەی کە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە لەدژی ئێران پێی دراوە، خۆی بەرفراوان بکات و لەسەربنەمای نەتەوەپەرستی عەربی خەونی دەوڵەتی عەرەبی گەورە بەدیبێنێ وببێتە زلهێزی ناوچەکە. بەڵام وەکو بینیمان ئەمریکا بە هاو پەیمانییکی بەهێز لەساڵی 1991 ئەو سەربزێویەی سەرکوت کردەوە لەلایەک ولەلایەکی تریشەوە باشترین هەلی دەست کەوت تا ڕاستەوخۆ هەبونی سەربازیی خۆی لەو ناوچەیە جیگیر بکات تا هیچ دەوڵەتێکی تر لە ناوچەکە نەتوانێ مەترسیێکی هاوشێوە بۆسەر بەرژەوەندیەکانی ئەو دروستبکات.

دامەزرێنەری کۆماری تورکیا مستەفا کەمال پاشا دوای بەدەست خستنی پشتیوانی کورد بەناوی برایەتی و بەرگری کردن لە دەوڵەتی ئیسلام و هاوبەشی کوردو تورک لەکۆماری تازە دامەزراودا، توانی دوا بستی خاکی تورکیای ئێستا لەدەست بەریتانیا، فەرەنسا و یۆنان ڕزگار بکات و کۆماری تورکیا دابمەزرێنێ. هەر لەوکاتەوە خەونی کۆماری تورکیا و مستەفا کەمال خۆ بەرفراوان کردن بوە، بۆ گەراندنەوەی سەروەریەکانی دەوڵەتی عوسمانی. بەڵام ئەو زۆرداریەی کە دەوڵەتی عوسمانی لەسەرگەلانی ژێر دەستی دا بەڕێوەی بردبوو بەتایبەت لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا و لەسەر دەستی ئیتحاد و تەرەقیەکان، زەمینەی ئەوەی لەناو بردبوو کە نەتەوە ناتورکەکانی کە پیشتر لەژێر ئاڵای دەوڵەتی عوسمانی دابون، سەرەڕای نارازی بونیان بەرامبەر داگیرکەری تازەی بەریتانیاو فەرەنسا، جارێکی تر خۆیان بە تورکەوە ببەستنەوە. لەلایەکی تریش  دامەزرانی یکێتی سۆڤیەت خواستی خۆفراوانکردنی کەمالیستەکانی لەسەر بنەمای بیری پان تورانیزم لە قەفقاسیا ئاستەنگ کرد. بۆیە کۆماری تازە دامەزراو سەرەڕای ناکۆکی لەگەڵ ڕۆژئاوادا بەتایبەت لەسەر ولایەتی موسڵ، خۆی لەباوەشی ڕۆژئاوا بینیەوە و بوو بەبەرەیەکی هەرەپێشی ناتۆ بەرامبەر سۆڤیەت وەکوردیش کە لەپەیمانی سیڤەر هەندێ مافی بۆدیاری کرابوو، بووە قوربانی ئەو هاوکێشەیە تازە.

لەدوای ڕوخانی سۆڤیەت جارێکی تر خەیاڵی خۆبەفراوان کردن لەسەری کەمالیستەکانی دایەوە. وە هەلێکی باشیان بۆ رەخسابوو کە لەسەر پاشماوەی سۆڤیەت ئەوە جێبەجێ بکەن بەتایبەت لە بەلکان و قەفقسیادا. چونکە ئەو چەوسانەوەی کە گەلانی ئەو ناوچانە لەدەست کۆمۆنیستەکان بینیان ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی لەبیر بردبونەوە. بەڵام تەنیا ئاستەنگ لەبەردەم تورکیادا شۆڕشی گەلی کورد بوو بەرێبەرایەتی( پارتیا کارکەرێن کوردستان)، کە لەو کاتەدا واتا سەرتای 90ەکان گەشتبوە لوتکە. بۆئەوە تورانیستەکان بەرێبەرایەتی تورکۆت ئۆزال ویستیان کۆتایی بەو کیشەیە بێنن. سەرەتا هەوڵیان دا بە ڕێگەی سەربازی ئەو شۆڕشە کۆتایی پێبێنن، بۆ ئەوەش هەموو تواناکانی دەوڵەتیان لەو پیناوەدا وەگەڕخست ولەبەرامبە ڕازیبوون بە دامەزراندنی حکومەتی هەرێم، (ی،ن،ک) و (پ،د،ک)یشیان وەکوو باشترین ئامراز بەکارهێنا. بەوشێوەیە لەساڵی 1992 لەئۆپەراسیۆنێکی هاوبەشی نێوان تورکیا، ی،ن،ک و پ،د،ک ئەو پلانە پراکتیزە کرا. لێ کاتێک ئامانجەکەیان سەری نەگرت تورکۆت ئۆزال بیری لە سازش لەگەڵ پ،ک،ک، کردەوە لەپێناو وەدەستخستنی زیاتر، لە پاشماوەی سۆڤیەت. هەڵبەتا پلانەکەی ئۆزال  ئەگەر لەڕوی بەرژەوەندی تورکیا دا سەیربکەین، زۆر ژیرانە بوو. ئەو(ئۆزال) گەشتبوە ئەو باوەرەی کە لاواز ترین خاڵی تورکیا لە هەنگاو نان بەرەو پیشەوە چوونی ئەو وڵاتەدا، کێشەی کوردە. ئەو کێشەیەش ئیتر بە نکوڵی کردن چارەسەر نابێ. بۆیە باشترین بژار بەلایەوە پەسند کردنی ئەو کێشەیەو چارەسەرکردنی بوو. بەو شێوەیە داوای لە پ،ک،ک کر کە ئاگر بەست ڕابگەیەنێ و بە ناوبژیوانی جەلال تاڵەبانی بکەونە گفتوگۆ. ئا لێرەدا جارێکی تربە دەست تێوەردانی ئەمریکا لەڕێگەی چەتەکانی لەناو دەوڵەتی تورکیادا، کە پێکهاتبوو لە سێکوچکەی سلێمان دەمیرەل، تانسۆ چیلەر و دۆغان گورەشی سەرفەرما نداری ئەرتەش، پلانی ئۆزال تێکدرا. ئەوەش بە مردنی نادیاری ئۆزال و دەست

پێکردنەوەی شەر لە دژی پ،ک،ک، جێبەجێ بوو. بەو شێوەیە بەردەوامی شەر لەدژی پ،ک،ک ، ئامانجی ئەمریکای لە پێشگرتن بە تورکیا تا ببێتە دەوڵەتێکی خاوەن ڕۆڵ لە ناوچەکە پێکهێنا لەلایەک، لەلایەکی تریش باشترین هەلی چارەسەری کێشەی کوردی لە باکوری کوردستان لەدەست دا، کە دەبوە باشترین گارانتی بۆ پارچەکانی تریش. لەشوێنی ئەوەدا شەری ناوخۆی باشوری کوردستان لەلایەک و شەری ی،ن،ک و پ،د،ک لەدژی پ،ک،ک لەلایەکی ترەوە، پێشخرا.

لە ئەنجامی ئەو هەڵسانگاندنانەی سەرەوەمان بۆ پلانی دەوڵەتانی ناوچەکەو ڕوبەرو بونەوەی ئەمریکاو رۆژئاوا بۆ ئەو پلانانە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە مانەوەی ئەو وڵاتانە بەو فۆرمە جوگرافیەی ئێستایان، هەمیشە ئەگەری دەرکەوتنی هزری فراوان خوازی هەیە لەلایەن ئەو ووڵاتانەوە( کە ئەوەش لەگەڵ ئامانجە ئیمپریالیستیەکانی ڕۆژئاوا ناکۆکە). چونکە هەبوونی سەرچاوەی ئابوری و پێگەی جوگرافی ئەوڵاتانە هەمیشە زەمینەی بیرکردنەوەی ئاوا لەو جۆرە دەرەخسێنێ. بەتایبەت ئەگەر ئارامی لە وڵاتانە دا سەقام گیر بێت و دیموکراسی پەرە بستێنێ، سەرەڕای ئەوەی ئارامی و دیموکراسی مەرجی سەرەکیە بۆ ئەوەی زلهێزەکان سەرمایەی خۆیان لەو ناوچەیە بەگەڕ بخەن، وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێکردوە.
کەواتە ڕۆژئاوا بەتایبەتی ئەمریکا، دەبێ سەرگەرمی پلانی داڕژتنەوەی نەخشەی هەرێمەکە بێ. بە بۆچونی من نەخشەی تازە ئەگەرێکی ئاوای لێدەکرێت، کە پارچەکردنی ئەو وڵاتانە بی لە ماوەیەکی مام ناوەندی دا، کە دەبێ لەڕێگەی دەستەبەرکردنی سیستەمێکی قانونی و تا ڕادەیەک دیموکراتیک زەمینەی بۆ سازبکرێت. چونکە پلانێکی ئاوا بە ئاشکرا بەڕێوەبردنی زۆر زەحمەتە، وە تاکە هێزێک کە بەرژەوەندی لەو پلانەدا هەبێ لە ناوچەکەدا کوردە. بەڵام کورد ناتوانێ ئاکتۆرێکی سەرەکی بێ. چونکە لەلایەک کورد ناتوانێ باوەڕی تەواو بە بەڵێنی ئەمریکا بکات، لەلایەکیتریشەوە پێگەی کورد ئەوەندە بەهێزنیە تا لە یەک کاتدا ڕوبەروی چوار دەوڵەت بێتەوە. هەروەها بە پلانێکی ڕاستەوخۆی ئاوا ئەمریکا بەرەیەکی زۆر فراوان لە دژی خۆی دروستدەکات کە لە وانەیە تورکیای تاکە هاوپەیمانی لە ناوچەکدا، سەرکێشی بکات. بۆیە دەشێ دەست تێوەردانی ئەمریکا بۆ ئێراق سەرەتای ئەو پلانە بوو بێ، بەڵام ئەوەی کە تەخمین کرابوو راست و تەواو دەرنەکەوت. ئەمەریکیەکان لە ئێراقدا پلانێکی ماتماتیکیان هەبوو، ئەویش ئەوەبوو کە بێزاری گەل لەسەددام یەکسانە بە پشتیوانی ئەوگەلە لەهەرکەسێ کە دژی سەددام بێت، بەڵام لە ماوەیەکی کورتدا هەڵەیی ئەو پلانە دەرکەوت، کاتێ لەهەموو لایەکەوە دژایەتی هێزی دەرەکی پەرەیسەند. ئەو حسابەشی کە ئەمریکا لەسەر ی،ن،ک و پ،د،ک (کە هیزی سەرەکی و تاکە دەسەڵاتن لەباشورکوردستان) وا دەرنەکەوت. ئەمریکا بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە دەکرێ مۆدێلی دیموکراسی باشور بکرێتە ستاندارتێک بۆ ئێراق. بەڵام کاتێک لەنزیکەوە چاودێری ڕەوشەکەی کرد بینی کە ئەو مۆدێلە نەک هەر بەکەڵکی ئەوە نایە بکرێتە ستاندارد بەڵکو ئاستەنگیشە لەبەردەمی بەڕێوەبردنی سیستەمێکی قانونی. چونکە بینیان کە بەرتیلخۆری، گەندەڵی و ڕاوە پارە ئامانجی سەرەکی زۆربەی کەسە لەناو ئەو دەسەڵاتەدا. بۆیە لە پلانی تازەی ئەمریکادا تورکیا دەتوانێ ببێتە خاڵی دەستپیک. چونکە سیستەمی سیاسی، یاسایی، ئابوری، بەڕێوەبەرایەتی و هەتا کۆمەڵایەتیش لە ووڵاتەدا لەبارترە بۆ دەستەبەر کردنی سیستەمێکی دیموکراتی و یاسایی، بە بەراورد لەگەڵ وڵاتەکانی تری ناوچەکە. بۆیە ئەو گۆرانکاریانەی کە ئەمریکا لە ئێراقدا بەو هەموو هێزە سەربازیەی کە نەی توانیوە ئەنجامی بدات، لە تورکیادا بە ئاسانتر ئەنجام دەدرێت، لەلایەک لەلایەکی تر تورکیا بەو ڕەوشەی خۆیەوە ئاستەنگە لەبەردەم گۆرانکاری لە ناوچەکە. ئەوەش ئاشکرایە کە سەبارەت بە کێشەی کوردە. بۆیە بۆ ئەمریکاو هاو پەیمانەکانی گرینگە کەوا بتوانن تورکیا رازی بکەن کە کێشەی کورد پەسند بکات و

به شێوەیەک چارەسەری بۆ دابنێت. داواکاری ئەمریکاش لە پ،ک،ک بۆ ڕاگرتنی شەڕ لەوچوار جێوەیەدا دەبینم.
ئەمریکا بەهەمو شێوەیەک هەوڵیداوە پ،ک،ک پاکتاو یانیش لاوازی بکات.ئاشکرایە کە ڕادەست کردنەوەی سەرۆک ئۆجالان ڕاستەوخۆ دەستی ئەمریکای تێدابوو. وە لەسەرەتای هاتنی بۆ ئێراق، ئەمریکا لە هەوڵی ئەوەدابو کە پ،ک،ک بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و وەکو ی،ن،ک و پ،د،ک بەکاریان بێنێ، بەڵام کاتێک ئەوەی بۆ نەکرا هەوڵی پارچەکردنی دا. ئەوەبوو عوسمان ئۆجالان و نیزامەدین تاش کە لە گەڵ ئەمریکیەکان لە پەیوەندی دابون، کەوتنە ژێر کاریگەری ئەوان و ئەمریکیەکانیش وایان دانابو کەدەتوانن لەوڕێگەیەوە بەشی هەرە گەورەی پ،ک،ک بەلای خۆیاندا ڕاکێش بکەن. ڕاگەیاندنەکانی ئەوکاتانەی بەرپرسە سەربازی و مەدەنیەکانی ئەمریکا لە ئێراق، کە دەیانگوت ئێمە پلانی تایبەتمان هەیە بۆ پ،ک،ک ئەوەبوو کە لەڕێگەی عوسمانەوە پ،ک،ک بخەنە دەست خۆیان. ئەوان پ،ک،ک شیان وەکو پ،د،ک و ی،ن،ک حساب کردبوو، وایان دەزانی کە عوسمان ئۆجالان کە برای سەرۆک ئۆجالانە، دەتوانێ کاریگەری گەورەی هەبێ وەک لە ی،ن،ک و پ،د،ک دا باوە. بەڵام کاتێ ئەوە سەری نەگرت ئینجا ناچاربوون کە ئیتر پ،ک،ک وەکو خۆی پەسند بکەن بۆیە بۆجاری یەکەم بەرپرسێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە 1سێپتەمبەری ئەمساڵدا، باسی لە گرینگی بەردەوامی ئاگر بەستی پ،ک،ک کرد کە لەسالی 1999وە ڕاگەیەنرابوو.
لێرەدا دەگەینە ئەو ئەجامەی کە ئەمریکا و هاو پەیمانەکانی بە پلانەکەی خۆیان دا دەچنەوە بۆ ناوچەکە، بۆ ئەوەی بتوانن ئامانجە ئیپریالیستیەکانی خۆیان پێک بێنن. ئەوەش لەڕێگەی پارچەپارچەکردنی ئەو وولاتانەوە دەبێ وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێداوە. دیارە باشترین ڕێگە بۆ ئەو مەبەستە بەکار هێنانی کێشەی کوردە. بۆیە گرینگی دانیان بە هێزە کوردیەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان بە پ،ک،ک یشەوە، کە تاوەکو ئێستاش بەڕەسمی لەلیستی تیرۆری ئەو وڵاتانە دایە، لەپای ئەوەوە دێ. چۆن لە ڕابردودا هەبونی کێشەی کورد لە هەرێمەکە هەمیشە ئاستەنگ بووە لەبەردەم وڵاتە داگیر کەرەکانی کوردستان لە گەیشتنیان بە خەیاڵی باڵادەستی بەسەر ناوچەکە، لە کاتی ئێستاش دا باشترین ڕێگەیە بۆ پارچەکردنی ئەو وڵاتانە.( *ئۆباڵی ئەوەش لە ئەستۆی ئەو عەقلیەتە کۆنسەرڤاتیڤەدایە کە لەو وڵاتانەدا سەردەستە. چونکە ئەوان هیچ کات ئامادەی چارەسەری کێشەی کورد نەبون وەک ئەوەی کە هەیە بەڵکو هەمێشە نکوڵیان لێکردوە و بەدەستی دەرەوەیان زانیوە، لەبەرامبەر ئەوەشدا کورد هەمیشە ئامادەی بەیەکەوە ژیانێکی ئارەزومەندانەی یەکسان بوە بەڵام بە ئاگر و ئاسن وەڵامی دراوەتەوە.*)

دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە پێویستە بۆچونەکانم وا لێکنەدرێنەوە کە من بانگەشەی ئەوە بکەم کە ئەمریکا دیموکراسی و ئاشتی بۆگەلان دێنێ. بەڵام سروشتی سەرمایەی گلۆباڵ واقعێکی سەپاندوە کە دەبێ ئارامی هە بێ تا سەرمایە جوڵە بکات ئەوەش هەڵبەتا لەسەردەمی ئێستادا بە سیستەمێکی دیموکراسی بەرقەرار دەبێ. ئەو سیستەمە دواکەوتوانەی کە ئەمڕۆ لەناوچەکەدا گرێدراوی ڕۆژئاواشن، ناتوانن گارانتی ئارامی بکەن، چونکە ئیتر پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگا لەو وڵاتانەدا لەبەرامبەر دواکەوتویی و کۆنەپەرستی دەسەڵات زەمینەی تەقینەوەی گەورەیە. بۆیە خودی ئەو ڕژێمانەی تاوەکو ئێستا بەوپەڕی دڵسۆزیەوە لەخزمەتی ڕۆژئاوادابوون پێویستیان بەگۆڕانکاری هەیە.

لەسەرەوە باسی زەمینەی پەیدابونی هێزی فراوانخوازمان کرد لە ناوچەکە، کە ڕۆژئاوا پێی هەزم ناکرێت. بۆیە پارچە پارچەکردنی ئەو وڵاتانە باشترین ڕێگەیە بۆ بنەبڕ کردنی ئەو هزرە. ئەوە لە یوگسلافیای جاران ئەنجامی باشی هەبوو بۆ ئەمریکا و ئەوروپا. لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە هەمان

شێوە ئەنجامی دەبێ. ئەو ئەنجامەش لە دوو خاڵی سەرەکیدا دەتوانرێ ببینرێت. یەکەم ڕێگە لە پەیدا بونی هێزێکی گەورەی فراوان خواز دەگرێت، وەک ئاماژەم پێکرد کە چۆن هەریەک لە ئێراق، ئێران و تورکیا هەوڵیان بۆ داوەو دەشی دەن، ئەگەر هەروا بمێننەوە. هەروەها ئەو زۆرداریەی کە نەتەوە سەردەستەکان بەسەر بندەستەکانی دا هێناوە زەمینەی ئەوەی لەباربردوە کە ئەگەربێت و ئەو نەتەوانە ببنە خاوەن دەوڵەتی خۆیان، بتوانن لە وڵاتە مەرکەزیەکان نزیک ببنەوە. دووەم هێزە ئیمپریالیەکان لە ڕابردوودا لە ڕێگەی چەند دەوڵەتێکی مەرکەزیەوە توانیویانە ناوچەیەکی بەرفراوان کۆنترۆڵ بکەن، هەرکاتێکیش ڕژێم لەو وڵاتانەدا لە ژێر کۆنترۆڵیاندا دەرچوبێ بە کودەتایەک گرتویانەتەوە ژێر کۆنترۆڵ. بەڵام لەڕۆژگاری ئەمرۆدا ئەوە زەحمەتە. بۆیە ئەگەر بێت و وڵاتی بچوک دبمەزرێنن کۆنترۆڵکردنیان ئاسانتر دەبێ. هەروەها بلۆکی دژبەر نەماوە کە هەندێ لەو وڵاتانە بەلای دا بچن. بەڵام دەبێ لەو پلانەی ڕۆژئاوادا مەترسی زیاتر قوڵبونەوەی پارچەبونی نەتەوەیی کوردیش ببینین، بەلەدەستدانی زۆرناوچەی جوگرافی گرینگی کوردستانیشەوە. چونکە نابێ لەپلانێکی ئیمپریالیستانەی ئاوادا بیر لە دەوڵەتێکی یەکگرتوی کوردی بکەینەوە. بەڵکە لەوانەیە سێ تا چوار دەوڵەتۆکەی لاواز، کە ئەوانەش هەموو کوردستان لەخۆناگرن، جێگەی باسکردن بن( وە زۆر لایەنی وەک ی،ن،ک و پ،د،ک یش بەزۆریشی دەزانن) . چونکە زۆر بەئاسانی دەتوانرێ چەند کۆسۆڤۆیەکیش لەسەر خاکی کوردستان قوتبکرێنەوە. بەڵگەش بۆئەوە نەگەڕاندنەوەی کەرکوک و ناوچەکانی ترە بۆ سەر دەسەڵاتی ئیداری هەرێمی کوردستان، کە هەر دەستی دەستی پێدەکرێت و هیچیش دیارنیە. بۆیە لەپلانی ئەوجارەی ڕۆژئاوادا لەوانەیە هەندێ شت بۆ کورد بکرێت کە دەتوانێ تەنیا دڵی دەسەڵات خوازانی کورد ڕازی بکات و زۆر ناوچەی گرینگی کوردستانیش ببنە موڵکی خەڵکی تر و کوردی ئەوناوچانەش هەر ئاوارەبن. من ئەوە بۆ ڕەشبینی و لە ڕەشبینیەوە ناڵێم بەڵام دەبێ لایەنە پۆزەتیف و نێگەتیفەکانی هەر ڕوداوێک کە کاریگەری لەسەر خۆمان هەیە، هەڵسەنگێنین تا بتوانین هەرچی زیاتر لە نێگەتیفەکان خۆمان بپارێزین. نەوەک هەر ئەشهەدوبیلا بکێشین.

سەرەڕای ئەو گریمانانەی سەرەوە کە لەوانەیە پلان ئەوەبێت بەڵام ئایا پراکتیزەکردنی هەروا ئاسان دەبێ بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی؟ ئایا وڵاتەکانی هەرێمەکە مەترسیێکی ئاوا دەبینن کە لەیەک نزیک دەبنەوە، بەتایبەت ئێران و تورکیا؟ ئایا هەڵوێستی روسیا چین و ئەو وڵاتە ئەوروپیانە چی دەبێ کە بەرژەوەندیان لە پاراستنی قەوارەی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە؟ ئایا گەلانی ناوچەکە قوڵی لێهەڵنامالن و بە بەخۆداچونەوەیەکی هزری ڕێنەسانس ئاسا ئەو هاوکێشە لاسەنگەی ڕۆژهەڵات ڕۆژئاوا ڕاست بکەنەوە؟ ئەوانەو چاندان پرسیاری تری سیاسی و فەلسەفی لە داهاتودا وەڵامی خۆیان وەردەگرنەوە.

2006/11/27